ژمارە (10)

# پشووی

# گۆوار



## هێشتا ناوی غەیرە کوردی لە منداڵان دەنرێت



## بەچی کچان سەرسام دەبیت؟



بەهمەنی قوبادی..

## لە رێگەی زمانی دایکو گرتەی ژیانی کوردەواریدا شوناس دەبەخشێتە کارەکانی



رۆستەم ئاغالە:

## هونەرەکەم تەعبیر لەجوانی دەکات



تشرینی یەکەم
2006

# لەنێو خێزانی کورد، هێشتا ناوی غەیرە کوردی لە منداڵان دەنرێت!

هیوا ئیسماعیل عەلی



لە ژمارە(9)ی( کۆوار)، بابەتێکم بەپێنووسی( رەنج رەسوڵ) خوێندەوە، کە خۆی لە نامەیەکی کراوە دەنواند، سەبارەت بایەخ نەدانی ئافرەتی کورد بە جلوبەرگی کوردی، ئەو بەڕێزە گلەیی خۆی لە ژنی کورد دەکات، کە لەجیاتی پۆشینی جلوبەرگی رەنگاوڕەنگی کوردی، پەنا دەباتە بەر عەبا و جلی کەنداو، کە ئەمەش دوورە لەمۆرکی کوردەواری‌و بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ روخساری جوانی ئافرەتی کورد یەك ناگرێتەوە.

بەلای منەوە کاك رەنج لەنامەکەیدا، خۆی لەقەرەی بابەتێکی گرنگ‌و هەستیارداوە، کە قسەی زۆر هەڵدەگرێ‌و جێی هەڵوەستەو بەخۆداچوونەوەیە، من دەڵێم جلوبەرگی ئاڵاو والای کوردی، چونکە جوانییەکی لەڕادەبەدەری هەیە شایستەی ئافرەتی کوردە، نەك جلوبەرگێکی رەشی ناشیرین‌و نەگونجاو، کە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ مۆرك‌و تایبەتمەندییەکانی میللەتی ئێمە نایەتەوە، خۆزگە ئافرەتی کورد وەڵامی بۆ ئەو بابەتە گرنگە دەبوو.

من بە ئەرکی رێکخراوو سەنتەرو ناوەندەکانی تایبەت بەژنان‌و میدیای کوردستانیشی دەزانم، هەموو هەوڵی خۆیان بۆ دوورخستنەوەی ژنی کورد لەپۆشینی جلوبەرگی نەشیاوو بایەخدان بە جلوبەرگی کوردی بخەنەروو.

ئەم نامەیە دیاردەیەکی دیکەی بیرهێنامەوە، کە ئەویش ناونانی منداڵانی کوردە بەناوی غەیرە کوردی.

شتێکی حاشا هەڵنەگرە تا ئێستا لەنێو زۆر خێزانی کورد، ناوی بیانی لەمنداڵ دەنرێت، کە بەلامەوە جێی مەترسییە. منداڵ چ گوناهێکی هەیە، کە تۆ بێیت ناوێکی ناخۆشی لەسەر زمان گران‌و بێ مانای لێبنێیت؟ یان ئەو هەموو ناوە پڕ واتایانەی کوردی فەرامۆشبکەیت‌و بچیت بەناوی عەربی بکەیت؟.. بێگومان کاتێك منداڵەکەت لە ناوێکی ناسکی کوردی بێ بەش دەکەیت، هەڵەیەکی گەورە دەکەیت‌و دواڕۆژیش هیچت بۆ نامێنێتەوە، تەنها پەشیمانی نەبێت، ئاخر منداڵەکەت کە فامیکردو گەورە بوو، بیر لە ناوەکەی دەکاتەوە، دەوروبەر پەنجەی بۆ درێژدەکاو لەسەر ناخۆشیی ناوەکەی رووبەڕووی پرسیاری دەکاتەوە، ئەویش تەنها دەتوانێ لە رووی دەروونی نیگەران بێ‌و گلەییەکانیشی لە کەس‌و کاری نەشارێتەوە. ناوی کورت‌و رەوان‌و مانادار بۆ منداڵ زۆر گرنگە، کە دەروونناس‌و شارەزایانی بواری کۆمەڵایەتی بە دەسکەوتێکی گرنگ‌و بەنرخی دەزانن، کەچی ناوی ناخۆش‌و غەیرە زمان بە زیان دەگەڕێننەوە.

من لێرەدا لە دایك‌و باوکان دەخوازم، بەوپەڕی بەرپرسیاریەتی مامەڵە لەگەڵ ناوی منداڵەکانیان بکەن، لە دواڕۆژدا منداڵەکانیان وا لێنەکەن هەست بە کەموکوڕی‌و شەرمەزاری بکەن، بەدڵنیاییەوە ناونان رۆڵی گەورەی هەیە لەژیانی هەر مرۆڤێك، هەر نەتەوەیەکیش مافی خۆیەتی ناوی پەیوەندار بەزمانی نەتەوەکەی لەمنداڵەکانی بنێت‌و پەنا نەباتە بەر ناوێکی بیانی.

بەداخەوە هێشتا زۆر خێزانی کورد، لەژێر کاریگەری ئایین، ناوی عەرەبی لە مندڵەکانیان دەنێن، کە ئەمەش بۆ دواڕۆژی ئەو منداڵانە باش ناکەوێتەوە، دەبێ ئەوە بزانین ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئەوەی لەسەر کەس نەسەپاندووەو هەموو کەسێکیشی ئازاد کردووە لە هەڵبژاردنی ناو بۆ منداڵەکانی.

بەو هیوایەی تاکی کوردستان بەخۆیدا بچێتەوەو ئەم دیاردەیەش بەکۆتا بێت.

# بەچی کچان سەرسام دەبێت؟

جەبار عەلی

**شـــوانە** سـەردار، مامۆسـتا: مـن هێندەی سەرسامم بە ئاکارو خوڕەوشت‌و هەڵسوکەوت‌و تێکەڵاویی‌و بەرزی ئاستی رۆشنبیریی ڕەگەزی مێینە، جا چ کچ بێت چ ژن، هێندە بیر لە ڕوخساری ناکەمەوە، هەرچـەندە ئەمــە حــەزێکی پــەنگ خـــواردووی شــــاراوەی نـــاخی هەریەکێکمانەو شتێکی حاشا هەڵنەگرە، وەلێ مخـابن لـە کۆمـەڵگای کـوردەواری هێنـدەی گرنگــی بەڕوخـسارو سـیمای دەرەوەی کــچان دەدەن، گرنگــی بــە کەسـایەتی رەفتـارو گوفتـاری نـادەن، گـەنجی ئێمـە زێـتر سەرسـام‌و شـەیدای باڵای بەرزو چاوی گەورەو دەمی بچووك‌و پرچی سیس و نازانم چی وچییە، بۆیە زۆرجـار بەهەڵـە دەکەونـە نێـو پرۆسـەی هاوسەرگیری‌و دوایش سەرکەوتوو نابن‌و پەنجـەی پەشـیمانی دەگـەزن، چـونکە لەتەمـەنی هـەرزەکاری وێنـەی ئـەو کـچە لـەش‌ولار شـلکەیە، کــە لەڕووپـەڕی گۆڤارەکـان یـاخود لەشاشـەی تیڤیـەکان دەبیـنن، دواتـر لـەهزری تـاکی هـەرزەکار کـۆپی دەبێــت‌و لـەڕووی سـایکۆلۆژی کاردانـەوەی نێگـەتیڤی بەسـەرەوە دەبیٚ، کـە گـەورەش دەبیٚ گـیرۆدەی هێنانـەدی حەزەشێتەکانی دەبێت .

ع.ع، **کاســـبکار**: ڕاســـتی ئەوەیــە هەمووکـەس سەرسـامی رەوشت‌و ئاکاری کچانە، بەڵام جگە لـەوەش کـاتیٚ سەرسـام دەبم، ســـاتیٚ کـــچێك دەبیـــنم زەردەخەنەیـەکی سـیحراوی لەسـەر لێوەکانیـەتی، ئـاگر لەجـەرگم بـەردەبیٚ، بەدەسـت خـۆم بـیٚ یەکسەر لەباوەشـی دەکـەم، لـەم گەردوونـە شـتیٚ نییـە، لەزەردەخەنـە زیـاتر سـەرنجم ڕاکێشیٚ و سەرسامم بکات.

**پێشڕەو زامدار، قوتابی زانکۆ**: من زیـاتر سەرسـامی ئـەوجۆرە کـچانەم، کـەخۆیان هەڵدەکێشن‌و (پۆز)لێدەدەن، بەڵام سـەیرە هێـشتا لـەم سـەردەمەدا، کــە خەریکــە مرۆڤایەتی لەیەك نزیك دەبێتەوە، کەچی ئەو خۆی فەرزدەکاو لمۆزی بڵند دەکات، راسـتە مـرۆڤ ئـازادە چـی دەکـات‌و چـۆن بیردەکاتەوە، بەڵام ئەوانەی زێتر تێکەڵاوی خەڵکن جێی سەرسامی هەموومانن .

**زریـــان حەســەن، فەرمانبــەر**: لای مــن خووڕەوشـــتی جـــوان پێــوەرە بـــۆ سەرسـامبوون بەکـچان، زۆریـش کـەیفم دێـت بەوانـەی کـە (شـەعبی )ن‌و سـادەو سـاکارو خـاکیی‌و تێکــەڵن لەگــەڵ دەوروبـەریان‌و ژینگـەی خۆیـان، ئەمـەش وادەکات هەمووکـەس سەرسامیان بێت‌و ڕاستەوخۆ دەبنە خۆشەویستی خەڵك .

**فـەرهاد موحـسین، شـوفێر**: چـی بڵـێم مـن سەرسامی چرپەو جووڵـەو هەڵسوکەوتی هـــەمووانم، ئەوانـــەی خۆیـــان جـــوان دەڕازێنــەوە و لەگـەڵ مۆدێلیـات دەڕۆن و خـوێن شـیرینن، زۆر زۆریـش مـوعجیبی چاوی شینم‌و هـەرکاتیٚ کچێکی چاوشین دەبینـم ،حەزدەکـەم خــۆی لــی ٚنزیــك بکەمەوەو ئاشنایەتی لەگەڵ پەیدابکەم و یەکتربناسین، بەڕاستی و بەڕاستی جوانن بەمانای وشە جوانن.

**فەرزەندە فارس، قوتابی زانکۆ**: لەڕاستیدا مـن سەرسـامم بەهەنـدیٚ لەتایبەتمەنـدی کچان بەگشتی، وەك چاوی گەورەو ئینجا هـەر ڕەنگێـك بێـت و بـاڵای ڕێـك و پێـك وشمشاڵی بێت، هەروەها ئەو کچانەی کە جوڵانەوەیان زۆر نـەرم‌و نیانـە، بـیٚ گومان کـچی جـوان لای هـەموو کەسـێك سـەرنج ڕاکێشە و سەرسامم بـەو کـچەی جورئـەت بـــەخۆی دەداو داوای پەیوەنـــــدی خۆشەویـــستی لـــە کوڕێـــك دەکـــات‌و ڕاشکاوانە رازی خۆی بۆ دەردەبڕیٚ .



پێشڕەو زامدار



زریان حەسەن



فەرزەندە فارس

## حەسەن گەرمیانی:

# من یەکەم کەس بووم گۆرانی( کەمەرەشل )م گوتووە

هێدی بێدڵ_ برۆکسل

(**دیسان** بارانە) بەو پاییزەی گەڵاڕێزان و تەڕبوونی خاك و گوڵاوی زەوی دەمانباتەوە بۆ زەمەنی عیشق ..زەمەنی تەڕبوونی بەرباران، زەمەنی چاوبڕکێی سەر ڕێگەی کارێز لە چاوەڕوانی پەری خەیاڵ..ئەو بارانەی لەمڕۆوە نم نم دەبارێتە سەر جەستەمان و ڕۆحمان شەلاڵی سۆز و ئەوین دەکات، هەر سیحری جوانی ئەو وەرزە و جوانی بارانە، وایکرد بەیەکەوە لەگەڵ (حەسەن گەرمیانی) ئەو گۆرانییە بڵێینەوە و پیاسەیەکی سەرمەستانە بەژێر نسێی گەڵای وەریو و نەشئەی با و چرپەی باراندا بکەین.

*** هەرچەند تۆ لای خەڵك ناسراویت، بەڵام وەك پرسیارێکی تەقلیدی، ئەکرێ لە زاری خۆتەوە بزانین حەسەن گەرمیانی کێیە؟**

_ من خەڵکی ناوچەی گەرمیانم، ناحیەی قادرکەرەم سەر بە کەرکوکە، باپیرانم خۆی خەڵکی کەرکوکن، لەبەر خۆشەویستی گەورە پیاوان، کە حەماغای باپیرمی ناوە لەگەڵ شێخ حەسەنی قەرەچیوار چوونەتە قادر کەرەم و قادرکەرەمیان ئاوەدان کردۆتەوە، ئیتر من خەڵکی ئەو ناوچەیەم، داخی گرانم ئێستا هەموویان ئەنفال و زیندەبەچاڵ کران، من لە ساڵی 1945 لەدایك بوومە، هەر لەوێ خوێندنی سەرەتاییم تەواو کردووە، پاشان لەگەڵ تیپی سلێمانی ئاشنایەتیم پەیداکرد، بە هەردوو لامان توانیمان چەند بابەتێکی فۆلکلۆری زیندووبکەینەوە، من کاتی خۆی گەشتێکم کرد بە ناوچەی گەرمیانی خۆمان، کە نزیکەی 95 گوندی لەسەرە. ئیتر دەگەڕام و شتم کۆئەکردەوە، وەکو چۆن هەیە شت کۆئەکاتەوەو ئەیخاتە مۆزەخانەوە، منیش وتم با ئەم بەرهەمە فۆلکلۆریانە بخەمە مۆزەخانەی هونەری کوردییەوەو چەند ئاوازێکیشمان لەگەڵ تیپی سلێمانی بۆ دانا و لەگەڵ کۆمەڵێك تیپی هونەری دیکەش کارم کردووە .

***هەموو منالێك، کە لە دایك دەبێ ناوی خۆی و باوکی دێنن، بۆ نموونە تۆ(حەسەن عەبدوڵلا)یت، لە کەیەوە بوویتە (حەسەن گەرمیانی)؟**

_ پێش من هاوڕێیەکی ئازیز هەبوو ناوی (مەحمود گەرمیانی)بوو، پێیان ئەوت (مەحمود شێخ سمایل)، شێخ ئیسماعیل حەزی ئەکرد پێی بڵێن کاکە سمایل . باوکم حەزی نەدەکرد پێی بڵێن ئاغا، یان ناوی گەورەو قەبە، پێش من کاك مەحمود چەند گۆرانییەکی لەسەر قەوان تۆمار کرد، بەناوی (مەحمود گەرمیانی).

*** باسی قەوانت کرد، یەکەم گۆرانی بێژی کورد، کە گۆرانی لەسەر قەوان تۆمار کرد، (سەید عەلی ئەسغەری) بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام لای ئێوە کێ بوو؟ کەی و چۆن؟**



_ بەڵێ بەدڵنیاییەوە سەید عەلی ئەسغەری بوو، لەپاش ئەوە باوکم ئامێرێکی قەوانی هەبوو، تەنانەت ئەوەندە گەورە بوو بە یەك دەرزی ئیشی ئەکرد، کە دەرزیەکەش کوڵ ئەبوو دەبوایە فرێی بدەن، پێیان ئەوت ( قەوانی ئەبوچەلب) لە بەغداوە هێنابوویان، لەو گۆرانیانەی سەید ئەسغەریان لێ ئەدا، بەڵام پێیان ناوت سەید ئەسغەر، بەڵکو ( سەید عەسکەر)

*** سەید عەسکەر لەچیەوە هاتووە؟**

_ وابزانم خۆی ناوی سەید عەسکەرە، خۆشی لە بنەماڵەیەکی سەیدن، من بە قوتبی مەداری گۆرانی کوردی ئەو زەمانەی دادەنێم، ئەمەشیان چ لەلایەنی دەنگ خۆشی، چ لە لایەنی مەقامزانی، چ لە ڕووی ڕوحانەتی و سەیدیەکەشی، من سەید عەسکەری کوردستانی بە قوتبی مەدار ئەزانم، ئینسانێکی ڕوحانی پاك بووە، ئەمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لای خۆشمان مامۆستا(عەلی مەردان)، من ئەو دووانە بە قوتبی مەداری زەمانی خۆیان ئەزانم .

*** واتە ئەتوانین بڵێین لەو کاتەی هاتیە ناو هونەر نازناوی گەرمیانیت وەرگرت؟**

_ دوای ئەوەی چووم بۆلای مەحمود گەرمیانی، پێم وت وەك چۆن(حەسەنی جەزیری و مەحمود عەلی جەزیری...) ئاخۆ منیش ئەتوانم ئەم نازناوە بەکار بێنم واتە گەرمیانی؟ خۆ من ناوم مەحمود نیە، ناوم حەسەنە، وتی فەخری پێوە ئەکەم هاوڕێیەکم بۆ پەیدا بێ، من

گۆرانیبێژی رادیۆو تۆیش گۆرانی بێژی رادیۆو تەلەفزیۆن. ئینجا سەرەتا لە تەلەفزیۆنەوە لەگەڵ تیپی سلێمانی دەستمان پێ کرد. بەڕێکەوت ساڵی 1971 یادی 11ی ئازار بوو، چارەکێك لەتیپەکەمان چووە بەغدا، ئەو کاتە کامێرای تەلەفزیۆنی رەش و سپی هات، ئیتر گۆرانی( کەمەرەشلو مەیلەنگێنە)م وت.

*** باسی گۆرانی (کەمەرەشل)ت کرد، لەزۆر گۆرانیبێژان گوێمان لێ ئەبێ و تا ئێستاش ئەوترێتەوە، ئەکرێ بزانین کێ یەکەم جار ئەم گۆرانیەی گوتوە ؟ ئاوازو مۆسیقاکەی هی کێیە ؟**

_ زۆرجار باسم کردووە، بەڵام بۆ شایەتی خەڵك، من یەکەم کەس بووم ئەم گۆرانیەم گوتوەو دابەشکردنی مۆسیقاکەشی لەلایەن مامۆستا ( ئەنوەر قەرەداخی) بوو.

*** باسی تیپی سلێمانی و چوونە بەغدات کرد، ئەکرێ باسی ئەو گەشتەو گۆرانی (دیسان بارانە) بکەیت؟**

_ ئاشکرایە 10/1 یادی مۆسیقای جیهانیە، ئێمە ساڵی 1979 بۆ 10/1 پێش وەخت بابەتمان ئامادە کرد، بابەتی میللی و ئەکادیمی، منیش (دیسان بارانە)م هەڵبژارد، ئیتر لەگەڵ برادەرانی تیپ دانیشتین و کاك ئەنوەر قەرداخی خۆی مۆسیقاکەی ئامادەو دابەشکرد، خۆی گۆرانیەکە فۆلکلۆریەو زۆرکەس پێش منیش، وەك تیپی کورسی رادیۆ گوتویانە، یان هونەرمەند (محەمەد عەبدول) گوتویەتی، ئەتوانم بڵێم گۆرانی (دیسان بارانە) بە هەشت نۆ ئاواز گوتراوە، یەکێکیان ئەوەی من گوتومە.

*** باسی ساڵی71 و 79 ت کرد، لە بەر تیپی مۆسیقای سلێمانی و ئەو چالاکیانەی لە گەڵ تیپ ئەنجامتداون، ئەکرێ ئێستا باسی ساڵانی نێوان 71 تا 79 بکەین ؟**

_ لە ساڵی 1973 لە بەغدا فیستیڤاڵێك بەرێوەچوو، کە خەڵاتی بابان بوو، مامۆستا فرانسیس داود بابەتێکی بۆمن ئامادە کرد بەناوی (کەژاڵێ) بوو، ئەویش فۆلکلۆر بوو، لەو فیستیڤاڵەدا کۆمەڵێ هونەرمەند لە هەولێرو سلێمانی و کەرکوك و بەغدا هاتبوون.

(پێیان ئەوت خەڵاتی بابان)، پێم وایە بەشی شانۆشی تیا بوو، ئیتر ئێمە دووەم دەرچووین، هونەرمەند، (سەلاح مەجید) گۆرانییەکی فۆلکلۆری گوت، کە بە یەکەم دەرچوو، من خەڵاتەکەم وەرنەگرت.

پاش نەورۆزی ئەو ساڵە چوومە شاخ، لەساڵی 1974 لەگەڵ تیپی مۆسیقای شۆڕش کە پێکهاتبوو لەتیپی سلێمانی و تیپی هەولێرو تیپی کۆیەو تیپی بادینان هەر هەموو تیپەکانیان کۆ کردبووەوە، سەرەتا بەسەرپەرشتی هونەرمەند (فوئاد ئەحمەد) بوو، ناویان نا (تیپی شۆڕش) بە ئامێری زۆر ئاسایی و لاوازو بە( ریکۆردی مۆنۆ)ش تۆمار دەکرا ، پاشان چووین بۆ چۆمان، کە ستۆدیۆیەك لەوێ کرایەوە ئامێری تر پەیدا بوو، زۆربەی زۆری سروودە نیشتیمانیەکانی شۆڕشی ئەو سەردەمەمان بەکۆرس تۆمارکرد، من ئەو زەمانە گۆرانی (لێم یاخی)یە، لە ئامادەکردنی ئەنوەر قەرەداخی و (باڵا بەرز) لە ئامادە کردنی( ئەلبێرت عیسا) م لەوێ تۆمار کرد، ئیتر لەساڵی 1975 هاتینەوە، من دوورخرامەوە بۆ کەربەلا، نیوەساڵان لە کەربەلاوە ئەهاتمەوە بۆ تۆمارکردنی گۆرانییەکان، کە ئەو بابەتانەمان لەگەڵ تیپی سلێمانی تۆمار کرد، خەڵك وای زانی بە بەجلو بەرگی کوردیەوە شۆڕشێکی تر دروست بووە، ورەمان بەرز بووەوە، چونکە بۆ نموونە کەریم کابان لە نەجەف بوو، من لە کەربەلا بووم، ئەنوەر قەرداخی لە سەماوە بوو،

## من هونەرمەندێکی ڕەسمی نیم، وەك ئارەزوومەندێك هاتوومەتە نێو هونەرو نەمکردووە بە پیشە

هەمووومان دوورخرابووینەوە، بەم جۆرە ئەهاتینەوەو گۆرانیمان تۆمار ئەکرد .

***ئەی دوای ساڵی1979 لە گەڵ کام تیپ بوویت و چ گۆرانییەکت تۆمار کردووە؟**

_ لە ساڵی 1975 تا 1978و1979 من هەر لە کەربەلا بووم، دواتر گواسترامەوە سلێمانی، بەڵام نەیان هێشت لە سلێمانی بمێنمەوە، پاش سێ چوار مانگ گواسترامەوە ناحیەی سیروان. ساڵی 1980 تا1982 گۆرانیەکانی منیان بۆ ماوەی دووساڵ لەرادیۆ و تەلەفزیۆن قەدەغەکرد، دوایی هاتمەوە بۆ سلێمانی، ساڵی 1983 ماوەیەك مامەوە، دیسان گواسترامەوە بۆ هەولێر. ساڵی 1985 لە هەولێر (خالید سەرکارو ئەنوەر قەرەداخی) هەندێ گۆرانی تریان بۆ کردم، بیرم نەچێ ساڵی 1976 کۆمەڵێ بابەتی ترمان تۆمارکرد وەکو (سۆزی گەرمیان و زەردەی لەدەم کەل وچەندین گۆرانی تر)، کە ئەوکات من لە کەربەلاوە نیوەی ساڵ هاتمەوەو تۆمارمان کردن، بڵاومان کردنەوە. ئیتر تا نزیك ساڵی1989 دوو بابەتی ترمان تۆمار کرد، چونکە نەم دەتوانی لە ترسی رژێم زۆر دەرکەوم.

***ئەی دوای ڕاپەرین؟**

_ پاش ڕاپەرین ئامێرەکان وەکو خۆی نەمانەوە، هونەری کوردی زۆر بەرەو دابەزین ڕۆیشت، هەر وڵاتێ شەڕو شۆڕی تیا بێ لەهەموو شتەکان وای لێ دێ، واتە کاری هونەری ئەکرێ، بەڵام لەو ئاستەدا نییە، تەنها وێنە دەوری خۆی ئەبینێ.

***خۆزگە هەموو گۆرانی بێژان وەك تۆ بوونایە، بە هەموو جۆرە گۆرانیەك رازی نەبوونایە، گۆرانی هەیە تەمەنی تەنها چەند مانگێکە دواتر کەس گوێی لێناگرێت، بەڵام گۆرانیەکانی تۆ دەمێننەوە.. لەم رووەوە مەحمود زامدار دەڵێ حەسەن رەسەن، ئەم حاڵەتە چۆن دەبینی؟**

* خۆی مەسەلەی رازی بوون و رازی نەبوون نییە، لێرەدا قسەکەی تۆ راستە ئەگەر شت بەپێز نەبوو نەکرێت باشترە، بەڵام جاری وا هەیە میللەتەکە ئەوەندە داوات لێئەکا نایڵێیت، پێت ئەڵێن لەخۆی بایی بووە. ئەیڵێی سەیر ئەکەیت بابەتەکە قرچۆکە، جا کە خۆت لێی رازی نەبیت چۆن خەڵك لێی رازی دەبێ، هەندێ جار ئەکەویتە نێوان دوولا، نازانی کامیان هەڵبژێری، ئیتر من هونەرمەندێکی رەسمی نیم، من وەکو ئارەزوومەندێك هاتوومەتە نێو هونەرو نەمکردتە پیشە.

**تشرینی یەکەم**
**2006**

## بەهمەنی قوبادی

# لە ڕێگەی زمانی دایك و گرتەی ژیانی کوردەواریدا شوناس دەبەخشێتە کارەکانی

هەردی



**بەهمەنی** قوبادی دەرهێنەرێکی کوردی ناسراوی بواری سینەمایەو دەمێکی زۆرە لە ڕێگەی کارگەلێکی سینەماییەوە توانیویەتی تەکانێك بەو بزاوتە هونەرییەی سینەمای کوردی بدات، کە تازە خەریکە دەیەوێ هەنگاوی داهێنان و خۆ ناساندن لە سەر ئاستی نێو دەوڵەتی ببڕێ. بەهمەن بە هۆی چەند فلیمێکەوە توانی بپەڕێتەوە نێو فیستیڤاڵە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان و خەڵاتی هەمەچەشن لەو بوارەدا وەربگرێ، هاوکاتیش لە هەوڵ و ماندووبوونی بەردەوامدایە بۆ چوونە نێو پێشبڕکێ گەورەکان، تاکو بیسەلمێنێ کە کوردیش ئەگەر کات و توانا و زەمینەی بۆ بڕەخسێ دەتوانێ لەو بوارە گرنگەی هونەریشدا لەگەڵ کاروانی مرۆڤایەتیدا ڕێ بکات و شوێنی خۆی لەو پانتاییەدا بە دیاری بدۆزێتەوە.. ڕەنگە کارەکانی (ساتێك بۆ مەستی ئەسپەکان، گۆرانییەکانی وڵاتی دایکم، کیسەڵەکانیش دەفڕن) و دوا بەرهەمیشی بەناوی (نیوە مانگ)، کە بە هۆیەوە لە میانی بەشداربوونی لە فیستیڤاڵی فیلمی(سان سیبیستیان)ی نێودەوڵەتی لە باکووری ئیسپانیا، کە هاوتای فیستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکانی چەشنی (کان و ڤینیس و بەرلین)ـە خەڵاتی (سەدەفی زێڕین)ی وەرگرت، وەك ئەوەی هەمان خەڵاتیشی لە فیستیڤاڵی (بەرلین) و لە فیلمی (کیسەڵەکانیش دەفڕن)ی وەرگرت، ئەمانە و چەندین نموونەی تر باشترین و نزیکترین بەڵگەی ئەو قسانەمان بن.

یەکێك لە خەسڵەتە دیارەکانی کارە هونەرییەکانی قوبادی لەوەدایە، کە دەیەوێ لە ڕێگەی زمانی دایك و روحی کوردانەوە شوناسێك ببەخشێتە سینەمای کوردی، واتە لە میانی بەکاربردنی زمانی دایك لەسەر زاری ئەکتەرەکان و نمایشکردنی گرتەی لایەن و سوچە تاریکەکانی ژیانی کوردەواری لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوری و بە سەلیقە و تەکنیکێکی هونەری بەرزەوە شوناسی کوردبوون بداتە سینەما، وەك چۆن هەر گەل و نەتەوەیەك خاوەنی سینەمای خۆیانن و مۆرکی دیاری خۆیانی بەسەرەوەیە و پێی دەناسرێنەوە، بەڵام لەناو هەموو ئەو بگرەوبەردەیەدا ئاستەنگ و لەمپەری زۆر خراوەتە ڕێگەی کارکردنی و بەردەوامیش و تا ئەمڕۆش دەخرێتە بەردەمیەوە، بە تایبەتی لەلایەن داگیرکەرانی کوردستان و بەتایبەتتریش سیستەمی مەلاکانی ئێران، ئەوەتا لەدوا کاری هونەری خۆیدا (نیوە مانگ) نمایشکردنی قەدەخە کراو ڕێگە نەدرا بینەری کورد لەو پارچەیەی کوردستان بەبینینی فیلمەکە ئاشنا بێت، چونکە بە گوتەی ئەوان گوزارشت لە هەستی جوداخوازی دەکات، بەو پێیەی جگە لەوەی ناوەڕۆکی فیلمەکە باس لە کێشەی خێزانێکی هونەرمەندی کوردی ڕۆژهەڵات دەکات بە دەست جەور و ستەمی پاسدارانی ئێران و لە ڕێگەیەوە باس لە عیشق و سەوداسەری کورد دەکات بۆ جوانییەکانی هونەر و لە بەرامبەریشدا و لە میانی ڕەفتار و هەڵوێستی سەرباز و پاسدارانی ئێرانەوە نیشانی دەدات کە ئەو سیستەمە چەندە جوانی کوژ و دژی هونەرە، هاوکاتیش دیمەنەکانی فیلمەکەش لە ناوچەی هەورامانەوە گیراون.

دەمێنێتەوە بڵێین کەوا فیلمی (نیوە مانگ) لە نووسین و بەرهەمهێنان و دەرهێنانی بەهمەن خۆیەتی و هەریەکە لە هونەرمەندان (ئیسماعیل غەففاری و ئەڵلا موراد ڕەشتیانی و هەدیە تارانی و گوڵشیفتە فەراهانی و سەدیق بەهزاد پور) ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕن و ماوەی فیلمەکە کاتژمێرێك و دە خولەکە و بەهمەنی قوبادی فیلمەکەی پێشکەشی یادی (250)ساڵەی لە دایکبوونی گەورە هونەرمەن و مۆسیکژەنی جیهانی (موزارت) کردووە.

# ڕۆستەم ئاغالە:

# هونەرەکەم تەعبیرە لەجوانی و بەدوای خۆشەویستیدا دەگەڕێت

ڕێپەند



ڕۆستەم ئاغالە، هونەرمەندی شێوەکاری کورد، لەدەرفەتێکدا باسی ئەزموونی هونەریی خۆی و ئاستی هونەری شێوەکاریی کورد لە ناوخۆو دەرەوەی کوردستانو دوا بەرهەمی خۆی بۆ کردین، کە بەم دواییە لەدەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس بەشێوازێکی تازەو کوالێتیەکی بەرز چاپ کراوە.

کۆوار: لە کەیەوە شێوەکاریتو بەرهەکەمەکانت چیین؟

ئاغالە: من مێژووی کارکردنم نییە، ئەوەندە دەزانم لەوەتەی قوتابی هونەرە جوانەکانی سلێمانی بووم تا ئێستا ئیش دەکەمو نەوەستاوم، تا مردنیش بەردەوام دەبم، جا ڕەنگە لەدوای مردنم شتێك بێنن‌و ناوی بنێن مێژووی کاری (ئاغالە)، تا ئێستا نزیکەی (15) پێشانگای تایبەتیم کردۆتەوە، دانەیەکیان لەفرەنسا بووە و ئەوانی تر هەموویانم لەهەولێر و سلێمانی و کۆیە کردوونەتەوە، پێشانگا هاوبەشەکانیشم زۆرن و لەژمار نایەن.



کۆوار: شێوەکاری لە کوردستان لە چ ئاستێك دایە؟

ئاغالە: من ئاستی هونەری شێوەکاری لەکوردستان باش نابینم، ئەو ئاستە هونەریەی کە هەیە، هی ئەوە نییە هێندە دڵمان پێی خۆش بێت، زۆر شێوەکار دێنە گۆڕەپانەکەو بۆ ماوەیەك لەئاستی باشدا کار دەکەن، بەڵام دوایی دەپووکێنەوەو نامێنن‌و دەبن بەهەڵم. یەك لەو کێشانەی ئێمە ئەوەیە، کە هەر کارێ نمایش دەکەین لەوڵاتی خۆمان و لەنێوان دیوارەکانی ماڵی خۆمان، تووشی بێزار بوون‌و ماندوو بوون دەبین، چونکە شتەکان چەندین جار دووبارە دەبنەوە، بینەرەکان دووبارەن و ئەوانەی لەسەرمان دەنووسن هەمان ئەوانەی جارانن، بەکورتی لەچوارچێوەیەکی بچووکدا نمایش دەکەین‌و بواری کارکردنمان فراوان نییە، لەبەر ئەوەیە لەنمایشکردن لەکوردستان بێزاریین. ئەم مانەوەیەمان کار لەدەروون و چالاکییەکانمان دەکاتو وادەکات نەتوانین داهێنان ئەنجام بدەین‌و مەودای بینینمان فراوانتر بێت، چونکە لەکاتی چوونە دەرەوەمان گوێمان لەڕای جیاوازتر دەبێ و ئەزموونی تازە دەبینین.

کۆوار: ئەو شێوەکارەی کاریگەری لەسەرت هەبووەو کردووتە پێشەنگی خۆت و کارەکانت؟

ئاغالە: لەسەرەتای کارمدا، هونەرمەندان (گۆگان و ماتێز) زۆر کاریگەرییان لەسەرم هەبوو، دواتر (تۆڵستۆتریك) زۆر کاری لێم کرد، هەروەها دوای هەموو ئەوانە (کۆستاڤ



کلیمێنت) لەساڵی (1993)دا زۆر کاریگەری لەسەرم دروست کرد، کاتێ کارەکانی کلیمێنتم بینی دەرگایەکی گەورەم بەڕوودا کرایەوە، کلیمێنت جورئەتی پێ دام چەند کارێك بکەم کە پێشتر نەمدەکرد، بۆ نمونە بەرم لەشوێنێکا دادەنا، بەڵام نەمدەکردە جلوبەرگی ژنێك. دوای کاریگەری کلیمێنت لەسەرم، هەندێ کارم لەنەمسا چاپ کرا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی چەند نامەیەکم لەلایەن خەڵکی ئەوێوە بۆ بێت و لەدەقی نێو نامەکانیاندا من بە(ڕۆستەم کلیمێنت) دەدوێنن، منیش شانازی بەوەوە دەکەم، دیارە کلیمێنت (76) ساڵ پێش من سوودی لەبەرەی ڕۆژهەلاتی و کولتورو بەرەی کوردی بینیوە، من تازە سوودی لێ دەبینم، خەڵکیش هەیە ڕەخنە لەمە دەگرن و دەڵێن ڕۆستەم تازە گەڕاوەتە دواوە.

**کۆوار:** سەبارەت بەهونەرو سیاسەت، کامەیان پەیوەند و پەیوەستی ئەوی ترە؟

**ئاغالە:** هونەر لەچەند لایەنێکدا بەسیاسەتەوە پەیوەستە، بۆنمونە ئەو کارانەی من ئێستا ئەنجامم داون، ئەگەر ڕۆژگارێکی تر ئەنجامم دابان، ئەوا لەوانەیە کێشەی بۆ دروست کردبام و حکوومەتی بەعس بەجنێو و سووکایەتی بۆسەر خۆی دانابوایە، بەڵام بەدیدی من هونەر بۆ ڕەخنە گرتن لەدەسەڵات نییە، هیچ شانازی بەوە ناکەم ڕەخنە لە دەسەڵات بگرم، تەنانەت من لەم چوارچێوەیەشدا کار ناکەم، بەڵکو هونەری من بەنێو جوانییەکاندا دەسووڕێتەوەو نیشاندانی جوانییەکانە، لەم دیویشەوە دژی ناشیرینی و خراپییم، دژی هەموو دەسەڵاتێکی خراپم، سیاسەت هەرگیز لای من خۆشەویست نەبووە، بیرم نایەت ڕۆژێك لەڕۆژان چرکەیەك لەناو سیاسەتدا کارم کردبێت، من عاشقم و عەشقم کردووە، ئەمەش لەکارەکانمداو لەساتەکانی تەمەنمدا ڕەنگی داوەتەوە، بەدوای جوانییەکاندا وێڵم و دەمەوێ شێوەی مەم و زین بکێشم، ڕەنگی دوو عاشقی وڵاتەکەم نیشان بدەم، سرووشت و سەوزاییش بەعەشق وخۆشەویستی بچوێنم.

**کۆوار:** سەبارەت بەتازەترین کارەکانت، کە دەزگای ئاراس ئەرکی چاپی کێشاوە چی دەڵێی؟

**ئاغالە:** ئەو کارەم لەشێوەی کوراسەیە، دیارە پێشی منیش چوار پێنج دانەی تر هەبوون، بەڵام هیچیان لەئاستی ئەمە دانیین، کە ئێستا دەزگای ئاراس بۆی چاپ کردووم، جیاوازییەکەش لەڕووی کوالێتی ڕەنگەوەیە، هەروەها ئەوانەی پێشوو بەم شێوازە پرۆفێشناڵیە نیین، لەڕووی ڕیزبەندی تابلۆکان و بابەتەکانەوە، هەروەها زۆری لاپەڕەکان، کە ئەمەی من (250) لاپەڕە دەبێت، لەگەڵ ئەمانەشدا من بۆ خۆم حەزم دەکرد بۆ هەر یەکە لەتابلۆ و بابەتەکان نووسینێکی شیکاری دانرابوایە، نەك تەنها ئەو پێشەکییەی ڕۆژهەڵاتناس (کریس کۆچێرا) بۆی نووسیوم، کە تیایدا ناسنامەی هونەرمەندێکی شێوەکاری کوردستانی خستۆتەڕوو.



# رەنگە پڕ بەهاو بایەخدارەکانت

# ورەت بەرزدەکاتەوەو لەهەڵچوون هێمنت دەکاتەوە

**هەستکردن** بەغەمۆکی، تەسلیم بوونت بەبیرکردنەوەی پڕ حوزن، بینینی هەمووشتێك بەجوانی و زەردەخەنە ناسکەکانت، هەموو ئەوانە لەرێگەی رەنگەکانەوە پێچەوانە دەبنەوە، کە دواجار پەیوەندییەکی دەروونیت لەگەڵ دەبەستن، ئایا رەنگ دەتوانێ کاریگەری لەسەر میزاجمان جێ بهێڵێ؟

هەر یەکێك لەئێمە خاوەن چێژێکین بۆ رەنگێکی تایبەت، بۆ کاتێکیش دەمانەوێ شتێك هەڵبژێرین، لەرەنگەوە دەست پێدەکەین، هەروەك چۆن لەکاتی کڕینی جلو بەرگ، راستەوخۆ بیر لەرەنگی پڕ بەهاکەی خۆمان دەکەینەوە، کەواتە ئەوەشیان وەك ئارەزووی خواردن وایە، کە هێندێکیان دەخۆین و هێندێکیان نا!

بەلاّم ئەوەی لەم نووسینە گرنگە ئەوەیە، کە رەنگ رەگەزێکی بەردەست نییە، هێندەی پەیوەندی بەچێژی ئێمەوە هەیە، بۆیەش (فلیپ ڤاگۆ) دەڵێت "ئەوەی کە پێی دەڵێن رەنگ، لەراستیدا دێری ئەو شەپۆلاّنەیە کە چاو هەستی پێدەکات و دەگوازرێتەوە بۆ ئەقڵ و لەوێش بۆ هەستەکان، تەفسیری بەچەشنێك بۆ دەکات پەیوەستە بە زاکیرەو ژیانی هەموو مرۆڤێك". بۆیەش لەلای هەر یەکێکمان و دونیابینیمان بۆ رەنگ تایبەتە و بەئەزموون و بیرەوەریەکانەوە هەیە.

پرسیار لێرە ئەوەیە، ئایا دەتوانی کاریگەری نێگەتیڤ و پۆزەتیڤ بەسەر ئێمە جێ بێڵێ؟ (ڤاگۆ) دەڵێت "تێبینی ئەوە دەکەین، کە رەنگ کاریگەری لەسەر ورەمان جێ دێڵێ، بێ ئەوەی هۆکارەکەکانی دیاربێت، جگە لەمەش ئێمە باوەڕ بەخۆمان دەکەین. بۆ نموونە، لە فەرەنسا رەنگی رەش بۆ حوزن و غەمۆکی بەکاردێت، بەپێچەوانەی هیندەکان کفنی مردووەکانیان و بەرێکردنی مەراسیمی ماتەمی بەرەنگی سپی دەکەن و لە(جەزیرەی مۆریس)یش رەنگی مۆر بۆ هەمان مەبەست بەکاردەهێنن.

## بینینمان بۆ شوێن دەگۆڕێ

بەم شێوەیە، کاتێك لەسەرمانە گوێمان لەوشەی (گەشبینی) بێت، رەنگ بەکاردەهێنین، (فلیپ ڤاگۆ) دەڵێت "لە بۆنەی کردنەوەی (لیل Lille 2004)دا، کە پایتەختی ئەورووپییەکانە بۆ رۆشنبیری، دەوروبەری (Lille)یان بە گوڵی رەنگا ورەنگدا پۆشی، کە دواجار رەونەقێکی زۆری دەبەخشی و ئەوانەی کە ئەو شوێنەیان بەکاردەهێنا پێشوازییان لێکردو هەر یەکێك بەچەشنێك سەرسام بوون بەڕەنگەکان، چونکە پێدەچوو رەنگی (سوورو نارنجی و زەرد) گوزارشت لەچالاکی و خۆشی بکات، بەلاّم ڕەنگی ساردی وەك (سەوزو شین و مۆر) دەروون هێور دەکاتەوە، بۆیەش ئەو جوانکاریانەی کەلەسەر دیواری دکتۆرەکاندا هەیە رەنگە ساردەکانن، بەپێچەوانەوە لافیتەو کارتی بۆنە خۆشییەکان رەنگی سوور بەکاردەهێنن.

## لە پێناو هەستکردن بە چالاکی

رەنگی خۆر (رۆژ)، کە زەردو پرتەقاڵی دەگرێتەوە، هەمیشە گوزارشت لەچالاکی و جووڵەو خۆشی دەکەن، بۆیەش ستراکتۆری چالاکییەکان کە هەڵگری ڤیتامینن، زۆربەی جاران رەنگی زەردو پرتەقاڵی دەپۆشن. بۆ نێو ماڵیش رەنگی پڕتەقاڵی لەنێو مەدخەلی خانوو، زێتر ژیان دەبەخشێتە ماڵ. ئەمە جگە لەوەی رەنگی زەردو سوور، رەنگی گەرمن و لەزستاناندا وزەیەکی گەرم دەبەخشنە چاو، بۆیەش بۆ ئافرەتان لەبەرکردنی جلی گەرم لەزستاندا، جوانی گەرم بەخشن، لەو شوێنانەش کە دونیا ساردە، رەنگی سوور و زەردو



نارنجی رەنگی پڕ بەهاو ئارەزوون.

## چارەسەرکردن لەڕێگەی رەنگەکانەوە

ئەکرێت چارەسەرکردن لەرێگەی رەنگەکانەوە، وەك میکانیزمێکی فیزیایی لەرێگەی شتێکی رەنگدارەوە لە بەشێکی زۆری لەشدا بەکاربهێنرێ، ئەمەش بەهۆی دانانی تیشکی سپی بەسەر ئەو شوێنەی کە مەبەستە، دکتۆر (کریستیان ئەگرابار) دەڵێت:"ئێمە بۆ چارەسەرکردنی لەش، لەرێگەی رەنگەکانەوە کۆمەڵێك رەنگ بەکار دەهێنین، لەوانەش شین و سەوزو مۆرو سوورو نارنجی و زەرد". کاتێك رەنگی سوور بەکاردەهێنرێ لەش هەست بەگەرمی دەکات. کاتێکیش شین بەکاردێ، هەست بە شێ دەکرێ..

لە دەرەوەی ئەو پێناسەی سەرەوە، رەنگ فاکتەرێکی گرنگی چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونیەکانە، بۆیەش بەلای دکتۆران و پسپۆرانی بواری نەخۆشییە دەروونییەکان، رەنگی کاڵ و سارد، رەنگێکن نەساغ هێوردەکەنەوە، بە پێچەوانەوە رەنگی تۆخ و گەرم (بە تایبەت لە کەش وهەوایەکی گەرم) نارەحەتی دەبەخشێ! بەشێوەیەکی گشتی، رەنگ فاکتەرێکی گرنگە بۆ چارەسەرکردن، هەروەك چۆن فاکتەرێکی سەرەکیە بۆ نەساغ بوون و شەڕی



دەروونی.

## لە پێناو هێور بوونەوەدا

زۆربەی هەرە زۆری جاران، سایکۆلۆژیستان پێیان وایە رەنگی سووری تۆخ، رەنگێکی دوژمنکاری دەبەخشێت، ئەگەر بێت و وەك سیمبول و رەمز بەکاری بهێنن (لە دەرەوەی رەنگی گوڵ)، جگە لەمەش رەنگی سوور بۆ راستکردنەوە بەکاردەهێنرێ، وەك راستکردنەوەی هەڵەکان لەسەر دەفتەری قوتابیان، یان وەستان بە ترافیکلایت دا.

بە پێچەوانەوە رەنگی شینی کاڵ، رەنگێکی شادییەو سیمبولە بۆ ساکاریی و هێمنی، بۆیەش زۆربەی ئەوانەی ئارەزووی رەنگی شین دەکەن سادەن، جگە لەمەش رەنگی شینی کاڵ، بۆ کاشی ناومال و نەخشی زەخرەفەی سەر دەرگاو پەنجەرەکان، پتر هێمنی دەبەخشنە ماڵەکە. بۆ پەردەش رەنگی ئۆکەر (خاکی) و سەوزێکی تێکەڵ کراو بە زەرد پتر جوانکاری دەبەخشێتە ماڵ، هەرچی پسپۆرانی بواری دیزاینن لەماڵ، پێیان وایە رەنگکردنی ماڵ، واچاکە بەرەنگی کاڵ بێت و خوارەوەشی رەنگێکی تۆخ و کۆنتراست بێت، واتە لەسەرەوە تاخوار، پەنجەرەی کاڵ و لەوێش تاکو سەر ئاستی تۆخ و کاتیش کاڵ. کە لەگەڵ یەکتری بگونجێن و قەنەفەو مێزی تەلەفزیۆنیش واجوانترە کۆنتراست و جیاوازبن لەگەڵ رەنگی دیوار.

## رەنگ وەك ناسینەوەی کەسایەتی

تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بەپێی گۆڕانکارییەکان، رەنگ بۆ ناسینەوەی کەسایەتییەکان جیاوازی بەسەردا دێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئێمە لێرە رەنگە ساردو گەرم و بێلایەنەکان (رەش و سپی)، وەك ناساندنی کەسایەتی لەڕووی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکان باس دەکەین، کە بەشێکی زۆری پسپۆرانی سایکۆلۆژی لەسەری رزاین، بەم شێوەیەی خوارەوە

### رەنگی شین

ئەوانەی ئارەزووی رەنگی شین دەکەن، کەسایەتییەکی سادەو ساکاریان هەیە، ئارەزووی بیرکردنەوە بە تەنهایی دەکەن و حەزیان لە بێدەنگییەو رقیان لە ژاوەژاوە، لە رووی کۆمەڵایەتییەوە حەز بە تێکەڵ بوونی کەمتر دەکەن و لە رووی سۆزداریشەوە راستگۆن.

### رەنگی سەوز

حەز بە گۆڕان دەکەن، سەر لەنوێ ژیانەوەو غەم بەوەش ناخۆن کە لە سفرەوە دەست پێدەکەنەوە، ئەگەر رەنگەکە تۆخ بێت، راڕان، بەشێوەیەکی گشتی رەنگی سەوز، ئامرازە بۆ نوێبوونەوە، بۆیەش ئەوانەی حەزیان لەرەنگی سەوزە، هەمیشە ئارەزووی پیاسەو گەشت دەکەن و رقیان لەچوارچێوەی ماڵ دەبێتەوە.

### رەنگی مۆر

ئەوانەی ئارەزووی رەنگی مۆر دەکەن، کەسانێکن لەلایەنی سۆزدارییەوە ناسکن، بەڵام ئەگەر رەنگەکە تۆخ بێت، کەسایەتیەکەیان شاراوەو کەسی بەرامبەر لێیان تێ ناگات، هەمیشە پرسیاریان پێیەو نادیارن، بەڵام کەسانێکن لەدانیشتن و سەبرگرتن بێتاقەت نابن، رەنگی مۆری کاڵیش ئامرازە بۆ پەیوەندیی و راستگۆیی.

### رەنگی سوور

ئەگەر گوڵ بێت، ئامرازە بۆ خۆشەویستی، لەگەڵ ئەوانەی حەز لەرەنگی سوور دەکەن، ئارەزووی رابواردن و گەڕانییان هەیەو لە رووی دەروونیشەوە، زۆرجار پەرتەوازەن و ناتوانن خۆیان کۆبکەنەوە، کاتێك شتێکی جوانتر دەبینن، خێرا رادەگۆڕن و حەز دەکەن ئەمیشیان هەبێت.

### رەنگی پڕتەقاڵی

ئەگەرچی لەبنەماڵەی رەنگی گەرمە، بەڵام ئەوانەی ئارەزووی ئەو رەنگە دەکەن، چالاکن و کەمتر حەز بەدانیشتن دەکەن، رەنگێکی ناسکەو کاتەکەی هێور بەخشەو تۆخەکەی هێندێك جار وەسواسی دەبەخشێ، ئەوانەی ئارەزووی ئەو رەنگە دەکەن وەك بڵێسە لەڕووی سۆزداری دەسوتێنن.

### رەنگی زەرد

ئامرازە بۆ سەرهەڵدان، ئەوانەی ئارەزووی ئەو رەنگە دەکەن دوو بەشن، بەشێکیان کە لایەنە باشەکەیەتی، حەز دەکەن یارمەتی کەسانی دیکە بدەن و ژیان ببەخشین، ئەوانی دیکە نەرێنیەکەیەتی، هەمیشە کەسانێکی غەمۆکین و بێتاقەت و کزن، ئارەزووی تەنهایی زۆر دەکەن. ئەمەش لەلای هونەرمەندەکان بەدیاردەکەوێ، وەك (ڤان کۆخ)ی هونەرمەندی هۆڵەندی، کە لەتابلۆکاندا هەمیشە زەرد زان بوو، لە رووی دەروونیشەوە راڕاو غەمۆك و تەنها دەردەکەوت، تا دواجار خۆی کوشت.

### رەنگی رەش

ئەوانەی ئارەزووی ئەو رەنگە دەکەن، حەزیین و حەز بەتێکەڵ بوون ناکەن، کەسایەتیەکی داخراوو هێندێك جاریش ئارەزووی تۆڵە دەکەنەوە، رەنگی رەش وێڕای ئەوەی کە ئامرازە بۆ تەغریب، ئامرازیشە بۆ بێ هیوایی.

### رەنگی سپی

کەسانێکن تەواو بێلایەن و تاقەتی خۆتێهەڵقورتانیان نییە، زۆرجار هەڵوێست وەرناگرن و حەزدەکەن بەهێمنی و بێ کێشەبن، بۆیە لەبەردەم گرفتەکان زوو تەسلیم دەبن، زۆر جاریش نیشانەیە بۆ سەلامەتی و ئاشتی.

# بالاّ بەرزیی ژن، منداڵی جمك دەنێتەوە!

شیلان عومەر

**رەنگە** درێـژیی بـالاّ، زۆرجار لـەنێو ئێمەماناندا بـۆ ئافرەتـان وەك سمبـولی جـوانی بـەكارهاتبێت‌و كـچی بالاّبـەرز بووبێتـە ئـافرەتی بـالاّ، زۆر جـاریش بووبێتـە یەكێك لـە داواكارییـە سـەرەكیەكانی پیاوان، بـەلاّم لەگـەڵ ئەوەش درێژی بالاّ هەندێك جار گرفتە، بەتاییـەت لـەكاتی هاتنـە ژورەوە لـەماڵ، یـان سـواربوونی ئۆتۆمبێـل، ئەمـە چجای ئـەوەی كـە زۆر درێـژیی بـالاّی ئافرەتـان، هەنـدێك جـار دەبێتـە بەربەسـت‌و رێگرێـك لەبـەردەم پێكهێنـانی ژیانی هاوسـەریەتی، واتـە هەندیّ جار نیعمەتـەو هەندیّ جاری دیكەش بەلاّ..

ئـەوەی ئێمـە لێـرە ئەمانـەویّ باسـی بكـەین، لێكۆڵینەوەیـەكی نوێیـە، كـە پێـی وایـە درێـژیی بـالاّی ئـافرەت هۆكارێكـە بـۆ لـەدایك بـوونی دووانـە (جمـك). (جـاری شـتینمان) كـە ئـافرەتێكی دكتـۆرە لەبەشـی ئافرەتـان‌و منـداڵبوون، لەسـەنتەری پزیـشكی (لـۆنگ ئیلانـد لـەنیویورك)، هۆكارەكـەی بـۆ ئـەوە ئەگەڕێنێتـەوە، كـە پـەیوەنـدی بـەبوونی پرۆتینێكـەوە هەیـە، كـە جـەرگی ئـافرەت دەری دەدات‌و دەبێتـە هـۆی دەركردنـی هۆرمۆنێكی گەشـە، ئەمەش هۆكارێكە بۆ بەرزبوونەوەی رێژەی هەستیاریی هێلكەدان، كە ئامرازێكە بۆ دەردانی هۆرمۆنی چالاكییەكان‌و زیاد بوونی هێلكە، كە دواجار دەبێتە هۆی لەدایك بوونی جمك.

هـەروەها خـاتوو شـتینمان پێـی وایـە پەیوەنـدی نێـوان دەردانـی ئـەو پرۆتینـە لەگـەڵ درێـژیی بـالاّ هاوتەریبـە، هەركاتێك رێژەی درێژیی ئافرەت كەم بوو، ئەوا ئەگەری دەردانی ئەو پرۆتینە كەمترەو بەپێچەوانەشەوە راستە.

هـەروەها ئـەو لێكۆڵینـەوە ئـەوەش دەردەخـات، كـە بەرهەمی ئاژەڵ، بە تاییـەت بەرهەمـەكانی (چێڵ- مانگا) هۆكارێكن بۆ زیـادكردنی ئـەو هۆرمـۆنی گەشـەیە، چونكە هەمیشە لەبەرهەمی چێڵدا هۆكارێك لەشێوەی ئەنسۆلین گەشـە دەكـات، كـە دەبێتـە هـۆی زیـادبوونی هۆرمۆنـاتی گەشـە لـەنێو خـوێن، لەوێـشەوە دەگوازرێتـەوە بۆ پـرۆتین لەنێو شیرو سپیاییدا.







# لە ماڵی گۆشەگیریدا



**نوری بێخاڵی**

–1–

**تـــەنها** شـتێك بـە خـودا ئاشـنامان بكاتـەوە گومانـە، تاكـە پـردێكیش بمانباتـەوە ئـامێزی ئیمـان پرسیاركردنە، ئەو پرۆسەیەش بەندە بە وزەو كرانەوەی عەقڵ‌و رادەی ئازادیمان، چونكە بەبێ ئەو توانستە عەقڵی‌و ئازادییەی خود، ئەستەمە واعیزەكان بتوانن بە خودا ئاشنامان بكەنەوەو رۆشنایی ئیمان بخەنەوە ناخمان.

خودا بۆ خۆی، وا لەسەر زەمینی ئازادی بیركردنەوەماندایەو ئیمانیش لە سووچی رۆحماندا گیرساوەتەوە، ئیدی نـە كاهینـەكان دەتـوانن بمانبەنـەوە سـەر سـفرەی حەقیقـەت‌و نـە وەعزەكانیـشیان چـێژی ئیمانمان پێدەبەخشن، بۆیە ئاساییە حیكمەتێك شك نەبەین لـەوەی گوێڕایـەڵ‌و سوپاسگوزرای ئەو دەجالانە بین: كە خۆیانمان لەبەرگی فریشتەو وەك نمایندەی خودا نیشان دەدەن‌و ئیمانیشمان بەسـەر پشتی بـەرماڵ‌و لـەناو پێچی عەمامـەو تاڵـەكانی ریـشیاندا بـەدیاری بـۆ دێـنن، لەبـەر ئـەوەی (فیختـە) وتـەنی "سیـستمی زینـدووی ئەخلاقی‌و كاریگەر بریتییە لە خودی خودا، ئێمـەش جگـە لـەو باوەڕە پێویستیمان بە هیچ باوەڕێكی دیكە نییە، لە عەقڵدا شتێك نییە وامان لێبكات لەو سیستمە ئەخلاقییە دەربچین، كە هەموو گەردوونی بەدەستەوە گرتووە".

–2–

سـەیرە! راهـاتن هێـزی مرۆبـوونی لێ زەوت كـردووین، ملكەچـی‌و قـایلبوون بـە خولانـەوە لـە بازنـەی داخـراوی عورفدا، بڕستی ژیـان‌و نوێبوونەوەی لێ بڕیووین، نووچدان لەبەردەم نەریتی باودا بەهای خودبوون‌و ئازادی كوشتووین، كەچی نە بوێری راپسكانمان هەیە لە تەوقی شەرم، نە توانای تەكانیشمان هەیە بۆ گەیشتن بە كەنارەكانی گۆڕان، بۆیە ناچار بەو هەناسەی مەمرەو مەژییە، شەوو رۆژ گری دەدەینەوە.

بێگومان كە هێزی تەكاندن‌و توانای پڕكردنەوەی بۆشاییەكانی رۆحـی خۆمـان نییـە، كە نـاوێرین بەچاوی شوبهەتەوە بڕوانینـە داب‌و نەریتـەكان، كـە بـێ چـەندو چـوون ئـامادەیی ژیـانێكی كۆیلـەتیمان لەسـای ئـەو تـابۆو تەوتەمانـە هەیـە، ئاساییە ئەفراندن بە دونیای بیركردنـەوەی ئێمـە نـامۆ بێـت‌و زمـانی نووسـین‌و ئاخاوتنمـان توانـای داهێنـانی نـەبێت، وەك ئـەوەی ئاساییە كە بوون‌و مـەرگمان بـێ كاردانەوەیەك بەردەوامی هەبێت.

لە كاتێكدا (نیتشە) دەڵێ **"هەندێ كەس لەپاش مردنیان لەدایك دەبن"**، كەچی ئێمە نەك هـەر مردووەكانمان، بگـرە زیندووەكانیـشمان بەمردوویی لەدایك بوونەو دەبن، جا چش لەمردووەكانمان، هەر ئەوەیشە وادەكات سەرگەردان بەبازاڕی ژیاندا گوزەر بكـەین‌و خـەمی سـبەینێ‌و نـەوەكانمان لەنوكتەیـەك بـترازێ شـتێكی تـر نـەبێت‌و چـراكانی هیوامـان لـەنێو كاسەسـەردا كوژانـدۆتـەوەو بـۆ جـارێكیش ئازایەتی (بۆدلێر) نادەینە بەرخۆمان‌و هەر هیچ نەبێت بڵێین "من خۆم دەكوژم باكم بەژیانیش نییە، خـۆم دەكوژم چونكە توانـای ژیـانم نەماوە، بێزارو ماندووم لەوەی هەموو شەوێ بنووم‌و سبەینێ لەخەو هەستم بەراستی لەو عادەتە بێزار بووم. من دەمەوێ یـەك جار بۆ هەتاهەتایە بنووم. خۆم دەكوژم چونكە باوەڕم وایە من نەمرم و تەژیم لە هیواو ئومێد".

– 3 –

ئێمە نە ئەوینمان كـردووەو نـە لێـی تێدەگـەین، چـونكە ئـەوین راونـاكرێ‌و ئـەو نێـچیرە سـەرەڕۆیە نییـە بكەوێتـە كـەمین..ئـەوین میـوانی چاوەڕوانییەكان نییەو خۆی رادەستی ئەوانە ناكات، كەبەدوایـدا راكەڕاكەو هەناسە بڕكێیانە، بەڵكو ئەو خۆی‌و لەوپـەڕی خافڵگیری ئێمەو لەپڕێكدا سەر بەماڵی رۆحماندا دەكات..ئەو بەبێ ئەوەی ئاگامان لێی بێت، دێتـە ژوان‌و پرمان دەكات لەنەشئە، بۆیەشـە كە بەراستی دێت بەرگەگرتنی ئەستەمە، هەر ئەو نهێنییەی ئەوینیشە، كـەدواجار وا لـە (ئـەراگۆن) دەكات لەئاستی (ئیلـزا)ی مەعشوقیدا بڵێ **"بۆ مرۆ ئاسانترە بمرێ، وەك لەوەی خۆشەویستی بكات"**.

ئەوینی راستەقینە ئەوەیە كە لەناكاوو لە دەرەوەی ئیرادەی ئێمەو بەبێ مۆڵەت لە دەرگامـان دەدات‌و بـەبێ گفتوگۆو پرسیار ناچار بە خۆبەدەستەوەدانمان دەكات..ئەوینێك خۆی ناچار بە ژوانمان دەكات و ویستی نەگریسی شەهوەتمان تیادا بـەتاڵ دەكاتـەوە..ئـەوینێك لـە تەنیاییـدا سـەبووری‌و لـە یەئـسدا هیـواو لـە بێبەشـیدا دڵنـەواییمان پێدەبەخـشێ..ئـەوینێك لـە ئاسـت بـچووكترین چـێژی ژیانـدا گەورەترین بڕوای بەخشندەیی‌و قوربانیـدان‌و حـەزی مـەرگمان لـەپێناو ئـەوی دیكـەدا پێدەبەخشێ..ئـەوینێك كە لەقەسیدەیەكی (پـۆڵ ئێلوار)دا بۆ (گالا)ی خۆشەویستی وا خۆی پێناسە دەكات:

**"ئارەزوویەكی كەمم لەژیان پێدەبەخشێ**

**ئارەزوویەكی زۆریش بۆ مەرگ".**

* ئـەو نووسـینە بەرهـەمی دوای خوێندنـەوەی پـەرتووكی (لـە نێـوان بلیمـەتی و شـێتی دا)یـە، كـە (نـەوزاد ئەحمـەد ئەسـوەد) كردوویەتیە كوردی.